www.kurdistannet.org
10-1-2003 21:58

# وەڵام. . فائق شێخ عەلی بەکرێگیراوانی ڕژێم تاوانبار دەکات!!

**هشام ئاکرەیی**

ڕۆژی نۆی ئەم مانگە، لە سمینارێکی کرایەوەدا کە ژووری " کوردستان ـــ دەنگی ئازادی" بۆ بەڕێز فائق شێخ عەلی ڕێکخستبوو، ناوبراو، هەموو ئەو گوایانە ڕەدکردنەوە کە دەیانگوت، لە کاتی بەستنی کونگرەی لەندەن فائق شێخ عەلی هێرشی بردوە سەر مام جەلال تالەبانی لە بەر هەڵوێستی دەربارەی نەزار خەزرەجی و چەند هۆیەکی تر.
هەر لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لە لایەن چاپەمەنیەوە، چەند نووسەرێکی بەڕێز بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکەن تاوەکوو ڕاستی دیار بێ، کەوتنە تەقە و فائق شێخ عەلیان کردە پاڵەوان و نیشتیمان پەروەر. هۆیەکەش ئاشکرایە، ڕق و قین مێشکیانی بەستووە. ئەمە لەوانەیە بۆ کەسانێکی ئاسایی، ئاسایی بێت. بەڵام بۆ نووسەر نەخووشیەکی کوشندەیە. هەر لە بەر ئەوەش ناوەڕۆکی قسەکانی فائق شێخ عەلی بە خوێنەرانی کوردستان نێت ڕادەگەیەنم.

فائق شێخ عەلی وتی:

چەند کەسانێکی بەکرێگیراوی ڕژێم بەدوای منەوەن و ئەم هەواڵە لە دەسپێکەوە لە پۆلەندا دەرکەوت لە لایەن کەسانێکی بەکرێگیراو، بە ناوی جبار الیاسری کە لە لایەن ڕژێمەوە دانراوە بۆ ملاحەقەی من. بابەتەکە هەمووی درۆیە و درۆیەکی ئاشکرایە. مام جەلال ڕەفیقی منە. بابەتەکە ئاوایی بوو: من و چەند کەسانێک تەکلیف کرابووین پرۆژەی مەرحەلەی ئینتقالی دابڕێژین و وەرەقەکەمان تەسلیمی کومیتەی بەڕێوەبەر کردبوو، کاتێ هاتمە ناو قاعەکە بینیم مام جەلال وەڕەقەی پرۆژی ئامادەکراو لە لایەن ئێمەوە دەخوێنێتەوە، کە دەستکاری تیا کرابوو. منیش بەڕێزەوە بە مام جەلالم ووت ئەوەی دەخوێنیەوە وەرەقە کۆنەکەیە نەک هی نوێ؟ مام جەلالیش وتی من دەستکاریم نەکردوە، پرس بە جەوهەر نامیق بکە. کە پرسیاری کاک جەوهەرم کرد، پشتگیری منی کرد و ئەو و مام جەلال لە گەڵ قسەکانی من بوون و وەڕەقەکە دووبارە سیاغەکرا. بۆیە دەڵێم هیچ خلافێک نێوان من و مام جەلال ڕوی نەداوە و بەپێچەوانەوە کاتێ ڕۆژی چوارشەممە شەریف بن حسن میوانی ئێمەی کرد ( چەند ناوێکی ووت) لە وێ مام جەلال دەربارەی کارەکەم، سێ جار بە منی ووت، دەست خۆش، دەست خۆش، دەست خۆش. ئەگەر شتێکی لەو جوورە هەبوایە مام جەلال ئەم قسانەی بە منی نە ئەووت. ئاخرین قسەی فائق شێخ عەلی دەربارەی بابەتەکە ئەوە بۆ کە، ئەم قسانە ڕاست نین و هی دۆستی ڕژێمن.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت